# لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە
# بۆ مانگرتووانی ستراسبۆرگ لەفەرەنسا

## ب/ پشتگیریی

ئێمە وەك فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیریی هەڵوێستی مەدەنیو نیشتمانیتان دەکەین وەك پازدە کەسایەتی سیاسیی و نوسەر و چالاکی بواری ژنان کە لەرۆژی (1-3-2012)ەوە هەتا ئەمڕۆ بەبێ وەستان لەستراسبۆرگی فەڕەنسا دەستتان بەمانگرتن کردووە وەك نارەزایەتییەك بۆ راکێشانی سەرنجی دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆ سەر ئەو دەستدرێژیانەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەیکەینە سەر چالاکوانانی سیاسیو ماڤ مرۆڤ لەکوردستاندا..

ئێمە وەك فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبەردەوامی رۆحو هەستمان لەگەڵ جەستەی هیلاكو ماندووتاندایەو هەست بەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە دەکەین کەئێوەی مانگرتووی خۆنەویست لەم قۆناغە سەختەی خەباتی نەتەوەکەماندا لەپێناو کەمکردنەوەی ئازاری نیشتماندا خستوتانە سەرشانتان..

ئێمە لەکاتێکدا هەوڵو تێکۆشانتان بەرزدەنرخێنین هاوکات بەردەوامبوونی ژیانی ئێوەشمان بەلاوە گرنگەو نابێت بهێڵن مانگرتنەکەتان بگاتە ئاستی ئەوەی مەترسی بۆ سەر ژیانتان هەبێت چونکە دواجار خەباتی ئێمەی کورد لەپێناو دروستکردنی ژیاندایە نەك مەرگو مردن، ئەوە فەلسەفەی دوژمنانی ئێمەن کە دەیانەوێت بمانکوژنو ژیانمان لێوەربگرنەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکی سیاسیمان هەبێت..

ئەوەی ئێوە لەماوەی ئەم مانگەدا ئەنجامتانداوە لەدنیادا کەموێنەیەو ئێوەی هێژا بەلای زیادەوە ئەرکی نیشتمانیو ئینسانی خۆتانتان بەجێگەیاندووە بەلاّم ئەوە ویژدانی مردووی دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندین لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا کە گوێو چاوی خۆیان لەئاستاندا داخستووەو هەست بە شەرمەزاریی دەکەن.. دڵنیابن کەئێمەش لێرەوە هەموو تواناى خۆمان دەخەینەگەڕ بۆئەوەی ئەو پرسەتان بگەیەنینە زۆرترین ڕێککخراوەو ناوەندەکانی ماڤ مرۆڤی نێودەوڵەتی بەئامانجی فراوانبوونی ئاستی پشتگیریکردن لەو کەمپینەی بەرێزتان.. هیوای سەرکەوتن.

**دەستەی کارگێڕیی**

**فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

2012/3/29

فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە 10 ڕێکخراوی ناحکومیو چەند چالاکوانێکی سەربەخۆ پێکهاتووەو لەساڵی (2006)ەوە وەك گروپێکی فشار کاردەکات بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤو دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستاندا..
fidrasionrexraw@yahoo.com
FB: fidrasionrexraw
+9647701573210